جمهـــوری شیعـــر و جمهـــوری تـپـانـ!.. سـدیق سـعید ـواندزی

لـ هـرهمی کوردستاندا، دـیان و بگرـ سـدان ـکخراوی بـ ناو کـمـگـی مـدـنـی و ئـیـن گـی ئـ هـن، کـ گوایـا ئـرکیـان بـ مـدـنیکردنـی کـمـگـ و پـشخسـتن و هوشیـارکردنـوی تاکـکـان و داکـکیکردنـ لـ مافـ پیشـیی و جـماوـریـیـکانی هاووـاتیان، کـ بـشـکی کـمیان لـ دـرچـت، ئـوانیتر بارگرانیـکی گـورـن بـ سـر بـودجـی ئـم هـرهـموـ. ئـگـر ـووپـوـکی مـیدانی لـ پـراوـزی ئـرک و ـکخراوانـ لـ کـمـگـی کوردی بکـین، هیچ گومانی تـدا نـیـ وـرای بوونی سـدـها ـکخراو، بـام هـشتا وـک پـویست بـ ئـرک و ـکخراوـییانـی خـیان هـنـستاون و زـربـیان بنـمای کاری ـکخراوـیی خـیان نازانن و کار و چـاکیـیـک دـکـن، کـ ـنگـ پـیوـندی بـوانـوـ نـبـت. سـانـکی زـر لـمـو بـر، بـ سـدان فـرهـنگخـانـ، لـ شارـکـانی کوردسـتان بـ مـبـسـتی بـرـودان بـ چـاکیـ ـشنبیریـیـکان دامـزران. ئـو فـرهـنگخانـ دواتر چیـیان لـ هات؟ کـلوپـلـکانیـیان کـ بـ سـدان ملیـن دـلار مـزندـ دـکران، چی لـ هات؟ بـچی ئـو فـرهـنگخانـ نـمانـوـ؟ کـواتـ ئـوـ گرنگ نـیـ چـند ـکخراوی کـمـگـی مـدـنی هـن، بـکـو ئـوـ گرنگـ، چـند خزمـت و ـیان لـ بـرـو پـشـوـ بردنی کـمـگـ و بـ مـدـنیکردنی جومگـکانیـوـ دیارـ. بـیـ گـلـک لـو ـکخراوانـ، ستراتیژ و کاری ـاستـقینـی خـیان ونکردووـ و دـچن بـ چـاکیـیـکـوـ سـرقاـ دـبن، کـ هـیـچ ئـرزشـکـی نـبـت. لـو ـژانـدا، تـی ـکخـراوـ ناحکومیـیـکانی سـران کـکی شیعریان بـ ئامادـبوونی سـرپـرشتیاری ئـیدارـی سـربـخـی سـران، بـ شاعیرـکی سادـنووس سازکرد. پرسـکـ ئـوـ نـیـ، کـ ئـاخـ ئـم برادـرـ شاعیرـ یاخود نا، کـ وـک شـخ ـزا گوتـنی شاعیر زـر بووـ لـم ع ـ ، بـکـو پرسـکـ ئـوـیـ، ئـم چـاکیـیـ پـیوـندی بـ ئـرگانـکی گـورـی وـک تـی ـکخراوـ ناحکومیـیـکانی سـران هـیـ؟ ئـایـا کـار و ئـرکـی دی نـیـ بیکـن؟ ـکخراوـکانی ئـمـ بـ گشتی، بـچی نابنـ چاودـر بـ سـر کاری دـزگاکانی حکومـت و داکـکی لـ مافـ مـدـنی و پیشـیـکانی توـژـ جیاوازـکانی کـمـگـ ناکـن؟ بـچی ـخنـ ناگرن و ئـو کـماسیانـی لـ بواری بـوـبردن و خزمـتگوزاریدا هـن، نایخـنـ ـوو؟ بـچی پـشت و هاوکاری جـماوـری خـک ناکـن، کاتـ داواکاریـکی ـواو جـماوـریان هـیـ؟ بـچی نابنـ چاودـر بـ سـر پـشلکاریـیـکان کـ لـ

بواری مرۆیی و ڕۆنامەوانی و مافدا دەکرێن؟ مەگەر سازکردنی کۆڕەکی شیعری بۆ شاعیرێکی سادە نووس کە نیوەی کوردستان ناینасێت، هیچ داهێنان و بوێرییکی تێدایە ئەگەر هەزاران خوێندکاری زانکۆش تێیدا بەشدار بن؟ بەگومان شیعر هیچ کاتێک ژانرێکی جەماوەری نەبووە، بەو مانایەی، وەک چۆن تەپانە جمهورێکی بۆ شوماری هەیە، ئەوا کام شاعیریش جمهورێکی بۆ شوماری هەبوو، ئەوا شاعیری پلە یەکە. هەر کاتێک شیعر هێندە سادە و ڕۆژانەیی بووە، کە هەمووان تێی گەیشتن و چێژیان بۆ لێدا، بۆ دنیایینەوە ئەو کاتە ئەمە لە بەردەم شیعر بۆ مانا هونەریی و بابەتییەکەی نین، بەڵکو لە بەردەم زمانێکی ئاسایی و ڕۆژانەیی داین کە جۆرێک لە میکیاژی هونەری و وشە سازیی ڕەمانسی بۆ ناوی شیعرەوە بۆ کراوە. زەرجار دەگوترێت (مانای شیعر لە دڵی شاعیر دایە) واتا نەک هەموو کەسێک نابێ لە شیعر بگات، بەڵکو لە خودی شاعیر بەو لاوە، هیچ خوێنەرێکیش پێی بەو مانایە نابات کە لە دوو تۆی دڵەکی شیعری دایە؟ شیعر ژانرێکی بژاردەیە، نەک جەماوەریی و چەپڵەڕێزیی، هەبەتە ڕەنگە خوێنەرانێک بڵێن، مەگەر شیعری شەرکە و پشتوێش، شیعری جەماوەریی و چەپڵە ڕێزی نین؟ بەڵام ئایا پەیامی شیعری شەرکە و پشتوێ بەراورد بە پەیامی شاعیرێکی سادەنوس دەکرێت؟ لەو سەنگەیشەوە، کاتێ هەزاران گەنج و خوێندکاری زانکۆ، لە هەڵکەدا جمەیان دەێت و بە چەپڵە ڕێزان پشتوازی لە شیعری شاعیرێکی نەناسراو دەکەن ئەوا بە داخەوە دەبێ ئەمە نیگەران و نائومێد بین لە دنیای شیعری کوردی، چونکە ئەمە مانای وایە، شیعر بۆتە زمانێکی ڕۆژانەیی و ئاسایی و هیچ جیاوازییەکی لەگەڵ زمانی شیعریی کە زمانی مانایە نەماوە. بەمەش شیعر وەک تەپانێی لە دەێت و دەیان هەزار هاندەری بۆ دروست دەبێت. بەڵام ئایا ئەدەب بەگشتی و شیعریش بۆ تایبەتی، ژانری هەموو کەس و جەماوەرێکە؟ ئاسایە ئەم جۆرە چاکییانەش بکرێن، بەڵام دەبێ ڕەخنەگرەکانی ئەمە، زەر پیشەیانە ئەرک و کاری ڕاستەقینەی خۆیان بناسن و کار بکەن. بەرپرسانیش دەبێ ئەو ڕاستیە بزانن، دواین ئەرکییان دەبێ گۆڕتن بێت لە شیعر، چونکە ئەوان ئەرک و بەرپرسیارێتی گەورەتریان لە سەرشانە، کە ئەویش خزمەتکردنی خەڵک و گۆڕتنە لە کەموکورتی و داواکارێکانییان ! مەرجیش نییە ئەوەی لە ڕێزی پشتوەی کەڵکی شیعری دانیشت ئیدی شیعرناس بێت. بە پێچەوانەوە نەزار قەبانی دەڵێت:_(ئەوانەی لە ڕێزی پشتوەی کەڵکی شیعری دادەنیشن، دواین کەسن کە لە شیعر دەگەن).

*ئەم بابەتە لە ڕۆژنامەی ڕۆگای کوردستان، ژمارەی ڕۆژی 31/1/2023 بڵاوکراوەتەوە.

لێبارەی نۆڤێتی "کچەی خوێنەر" کۆمەڵی دووەم-2-.. نوسینی: تۆلار تاهیر

بەشی دووەم

یەکێك لە نەزانین و گەمژەیی ئافرەتان ئەوەیە بە جۆرێك هەڵسوکەوت بکەن کە بەرانبەرەکانیان هەمیشە وەك کایەك لێیان بڕوانن. ئەدۆنیس لە گوتەیەکدا دەڵێت: هیچ کات ئازادی و بێ ئابڕووییم تێکەڵ نەکردووە، زۆر کەس دەناسم بەهۆی بەهەڵە تێگەیشتن لە واتای ئازادی ڕۆژ لە جەستە ناگرن.

هەنگە لەم ساڵانەی دوایدا کۆمەڵێ شت بەناوی ئازادییەوە هاتبنە ئاراوە و دنیای مەعریفەی ناشیرین کردبێت، وەك دەیشزانین سەرچاوەی سەرەکی ئازادی بریتییە لە مەعریفە، هەنگە لە کۆمەڵگەی داخراودا خەڵکانی ناڕۆشنبیر و کەسانی ئاسایی، هەنگاوێك لە پێشتر بن بەراورد بە توێژی ڕۆشنبیران، بە حوکمی ئەو کولتوورە داخراو و پیاوسالارییە کە تا ئێستە باڵی بەسەر توێژە جیاجیاکانی کۆمەڵگەدا کێشاوە، ئەمە جگە لەوەی ئەو کولتوورە داخراوە پیاوسالارییە بە جۆرێك لە جۆرەکان کاریگەری نەرێنی کردووەتە سەر ڕۆشنبیران.

هەنگە هەر ئەو لێکچووانەنە شوومە نامۆیە خاڵی بەهێزی جیاکەرەوەی نێوان ڕۆشنبیر و ناڕۆشنبیر بێت، دەبێت سنووری ئەو جەهلە بشکێنی بێ ئەوەی کاریگەری نەرێنی بکاتە سەر بەها و ئاکارە جوانەکانی ناو کۆمەڵگە، هەنگە هەر ئەو خاڵە بەهێزەیش وایکردبێت کەسایەتییەکی وەك "کچەی خوێنەر" لە نێوان پێردی دووەیدا هەشتبێتەوە و نەیتوانیبێت بەپێی پێویست شتەکان بە تەواوی لە یەك جیا بکاتەوە، تا لە کۆتادا بووبێت بە قوربانی.

ئەگەرچی کچەی خوێنەر کارەکتەرێکی سەرەکییە، بەڵام وا هەست ناکەم

کەسایەتییەکە، بەکو هەست دەکەم ڕۆحەکە بە ناخی ئازارەکاندا دێت و دەچێت، یاخۆ ڕۆحەکە ماوەی جارێك خۆی لە جەستەی ئافرەتەکدا مەڵاس دەدات و ئەو ئافرەتە دەبێت بە قوربانی دەستی ڕاحەتاریکەکان.

فردریك نیچە لە گوتەیەکدا دەڵێت: ئەوەی تەکمدەشکێنێت، بەهێزم دەکات. واتە زەربەی کات ئازارەکان مرۆڤ پتەوتر دروست دەکەنەوە، ڕاحی یاخیبوون لە ناخی مرۆڤدا دەخوڵقێنن، هاوشێوەی ڕۆمانە بەناوبانگەکەی (موبیدیك) کە ڕۆماننووسی ئەمەریکایی (هێرمان ملڤیل) نووسیویەتی، کاتێك لەگەڵ قرژەکە شەڕ دەکات، ئەگەرچی قرژەکە پێیەکشی دەخوات، بەڵام ڕۆحی مانەوەی لە ژیاندا، وا دەکات لە کۆتادا هەموو هێزی خۆی کۆ بکاتەوە و قرژەکە بکوژێت. یاخۆ وەك "داستانی سیزیف"ی ئەلبێرد کامۆ کە یاخی دەبێت لە مردن، ژیان بە هەموو ناخۆشی و نەهامەتییەك قبووڵ دەکات.

کافکا دەڵێت: کتێب دەبێت بەستەڵەکی ناخمان بشکێنێت. ەنگە کایەی ڕۆشنبیری لە کۆمەڵگای ئێمە لەو ئاستەدا نەبێت کە بتوانێ تاکەکان پێبگەیەنێت، واتە کەسانی بەناو ڕۆشنبیری وەك (ساڵح یاسینی ڕۆماننووس، مەحموود قادری شاعیر، عەزیز ناسری شانۆکار). واتە بەشێوەکی گشتی کتێب و خوێندنەوە نەیتوانیوە ببێت بە دەروازەیەك بەستەڵەکی ناخمان تێکبشکێنێت و ڕزگاری بکات لە جەهل.

کەژاڵ ئیبراهیم لە دیمانەیەکدا دەڵێت: کاتێك یەکەم شیعرم بۆ کردەوە، باوکم بە قژ سووڕاندمیەوە بە ناو مەتبەخەکەماندا و دەیگوت دەتەوێ حەیامان بەری وا شیعر بۆ دەکەیتەوە. ەنگە کچیش هەبن ژیانی لەوە ناخۆشتر بێت و ئامادەیی ئەوەی تێدا نەبێت بەو شێوەیە باس لە ژیانی خۆی بکات، واتە کەژاڵ ئیبراهیم وەك فریادەسێك لە پاڵ خەمی ژیانی خۆیدا، باسی خەمی کچانی تری کۆمەڵگەکەیشی کردووە، یاخۆ شەهرەزاد لە ڕۆمانی "هەزار و یەك شەوە"دا، جگە لەوەی خۆی لە تووڕەیی و زاڵمی شاریار پاراست و مردنی خۆی دواخست، کچانی تریشی لە دەستی زاڵم ڕزگار کرد.

کچەی خوێنەریش ئەگەرچی سەرەتا دەبێتە قوربانی، بەڵام لە دواییدا بە فیلمێکی دۆکیۆمینتاری دەست دەخاتە سەر ئازارەکانی کە ەنگە باسکردنیان ئەستەم بێت، وەڵێ پێویستی بە بوێرییە. واتە بەشێوەیەکی گشتیی لە پاڵ خەمی خۆیدا، ەنگە باسی خەمی کچانی تریشی کردبێت و تا ئێستە نەیانتوانیبێت پەردە لەسەر باسکردنی هەبدەنەوە. بە مانایەکی تر، هەندێك جار باسکردن و ناوهێنانی

ئازار و خەمەکان، ئاسوودەیی بە ڕۆح دەبەخشن، لێرەدا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە هەموو سەرکەوتنێکی یاخیبووانە، ئازارێکی سەختی لە پشتەوەیە.

لە کۆتادا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ئەگەرچی کچەی خوێنەر سەرەتا دەبێتە قوربانی، بەڵام لە دوایدا بە جۆرێك لە جۆرەکان سەرکەوتوو دەبێت، بەڵام ئەگەر وردبینەوە لە کتێبەکەدا، ڕووداو و قوربانییەکانی زۆر زاتێرە بەسەر لایەنە سەرکەوتوو و ئەرێنییەکانی کچەی خوێنەردا.

پێم وایە دەبوو نیهاد جامی نووسەری کتێبەکە، شانبەشانی ڕووداو و قوربانییەکان، بڕێ زیاتر درۆژیی بە خاڵە (ئەرێنی)یەکانی ناو نۆڤلێتەکەی بدایە، چونکە پێویست دەکات چاوێکی زەق بخەینە سەر خاڵە ئەرێنییەکانی، لەپێناو کەمەگەیەکی تێکمە و تەندروست.

نوسینی ـــ تێلار تاهیر

ناوی تەواوی: نیهاد جامی محەمەد عەبدوڵا یێ 5/3/1972 لێ گەڕەکی حەمام عەلی بێگ لە شاری کەرکوک لێ دایکبووە، ئێستا لێ وڵاتی پێندێ دۆژێت

- چێندین وتار و لێکۆڵینەوەی لێ ڕۆژنامێ و گۆڤارکاندا بڵاوکردێتەوە
- دەرهێنانی بێ (30) سی کاری شانۆیی کردووە
- سەرنوسەری گۆڤاری شانۆکار بووە
- دامەزرێنەری سایتی شانۆکار بووە

خاوەنی چەندین بەرهەمی چاپکراوە، لەوانە:

- خودی کوردیی لێنەوان کێستی دوو فاقی و تراژیدیای ئێنفالدا (کۆمەڵناسی)
- لێبارەی شێخ زانا وە – بێ هاوبەشی د. زیرەک عەبدوڵا (کۆمەڵناسی)
- ڕۆخنەگرتن لەمەدەرنیتی (فەلسەفە)
- نائومێدیکانی شانۆ (توێژینەوەی شانۆیی)
- پڕاوێزکانی شانۆ (توێژینەوەی شانۆیی).
- ئێنتەلێژیای شانۆی ئەزموونگەری (توێژینەوەی شانۆیی).

- نوسەر ونووسینەوەی زمان (توێژینەوەی ئەدەبی)
- شانۆی پۆست مۆدێرنیتی (توێژینەوەی شانۆیی)
- گوتاری ڕەخنەی شانۆی کوردیی (ڕەخنەی شانۆیی)
- کۆمەڵناسی شانۆ (توێژینەوەی شانۆیی)
- شانۆی فەمینیستی (توێژینەوەی شانۆیی)
- پلەی سفری شانۆ (توێژینەوەی شانۆیی)
- ئەرکیەلۆژیای شانۆ (توێژینەوەی شانۆیی)
- لە ئەکتەبەردا کوژرام (کورتە ڕۆمان).
- من لەمالی سەرک بووم (نۆڤلێت).
- کچێ خوێنەر (نۆڤلێت)
- شانۆناسی.

کتێبەکانی نیهاد جامی:
http://dengekan.com/kteb_nihad.htm

هەبژێراو.. پشکۆ ناکام

….ڕەنگە باسکردنی ئەو هەڵانەی کاریگەرییان هەیە لە مانەوەی سیستەمی حوکمڕانی بەتایبەتی دیکتاتۆرییەتی حیزبی بە ماوەیەکی دوور و درێژ بە ئەوەی خەڵک کاردانەوەی لا بە لاکەری هەبە بە گۆڕینی ئەو بارە ناهەمواری تیایا ئێژی زۆر هەبگرێ و وەکو هەویرەکە چۆن تەنەکەیەک ئاوی بوێ ، چونکە دیکتاتۆریەتی درێژ خایان نەوەیەکی هاتوو لەسەر وەزعە باوەکە ئەهێنێتە کایەوە کە پێیان وایە گۆڕانکاری زەحمەتە ، واتا لەگەڵ سیستەمی دیکتاتۆرییەتی حیزبی/ بنەماڵەیی خەیان ڕا هاتناوە و "ماڵی"بوون ، ئەم سیستەمانە کە لە ووڵاتانی ئیسلامیا زۆرتر و دیارترن ، جۆرە هاووڵاتیەک بەرهەم ئەهێنێ کە ئەکرێ بە "هاووڵاتی جۆگیر" یان" هاووڵاتی نەجووڵاو" ناو بنرێ کە گرنگی بە سێ بابەت ئایات و بڵای وەزعە سیاسیەکەیا ناچێ لەسەر نەزەریەی" ئاگرێ سوورە لە خەم دوورە" خوو ئایاتە ئەو سێ شتە و خەی پەوە مەشغوڵ ئەکا : دین ، قووتی ڕۆژانە لەگەڵ فوتبۆڵ… () هاووڵاتی نەجووڵاو لە دونیا تایبەتە داخراوەکەیا خوو ئایاتە دین و خەی پەوە مەشغوڵ ئەک ، لەبەر ئەوە نا بە هەق و ڕەوایەتی و

عەدالەت ئەیبینە ، بەڵکو بە مەراسیمی" طقوس" دینییەکان کات بەسەر ئەبا و نایەوە لە هاوڕێکانی دوا کەوە ، لەسەر مەسەلەی "خوا" و میسداقیەتی ناوەڕۆکی دینەکە گومانکانی خەڵکەوە نەتەوە و حەز بەباس کردنیان ناکا و نایخاتە ناو هەڵس و کەوتی ڕۆژانەیەوە " دیارە کەسانی مەشک ووشک بوو و داخراو" بەشی زۆری هاووڵاتی نەجوڵاو پێک ئەهێنن ، ئەمانە لە کاتێکا بەرگری لە دینەکەیان ئەکەن کە بزانن ناڕەحەتی و سەریشەی بەدواوە نیە، دەنا بزانن هەر قسە و جوڵەیەکیان باجێکی قورسی لەسەرە ، مەش میوانیان نابە و لە ئەبن ، هەر نموونەیەک کاتێ لە ووڵاتی دانیمارک چەن وەنەیەکی گوایە "نەشیاو" !!ی پێغەمبەری ئیسلامەکان بەاو ئەبەتەوە ، لە ئەوروپا ئەیکەن بەڕۆژی حەشر ، ئەوانە هاوار ئەکەن قوڕگیان ئەگیرێ ، بەقەد تەپڵە قوماشێ عەلەم ئەسووتێنن ، بیتاقەی جەهەنەم ئەیەن بە هەموو دانیمارکیەک ، بەڵام لە ووڵاتەکەی خەیانا ڕۆژانە هەزار سووکایەتی بە خەیان وەک هاووڵاتیەک و بە دینەکەیان و بە سیمبولی دینەکەیان بکرێ ، نوتقیان لەوە نایە و "دەست بگرێ بە کاوەکەی خەتەوە حیزب نەیبا" ئەبە بە دروشمی سەرکەیان ، جگە لەمانە هاووڵاتی نەجوڵاو کە هەر خەریکی دزی و گەندەڵی و ساختەچێتیە ، هیچ شتێ لەوانە وای لە ناکا کە هەست بە تاوان کردن"الشعور بالذنب"بکا ، ئەو نوێژکی لە کیس بچێ قوڕی دونیا لەسەریا کەبەتەوە و نازانێ چەن خەی لەو گوناحە گەورە و خەتەرە نەجات بات و خەی وەک ئوتوی بوخار پاک بکاتەوە ، بەڵام ساختەچێتی و غەدر کردن لە خەڵک بەشکە لە ژیانی ڕۆژانە وەک نەرکە دینییەکانی...

() بە حوکمی ئەوەی هاووڵاتی نەجوڵاو لە ژێر کاریگەری دینەکەیا هیچ ئینتمایەکی بە نیشتمانەکەی نابە و لە لایەنە کەمایەتییەکشەوە "سەسیەلەجی"، تەنها خوو ئەیاتە ماڵ و منا و قووتی ڕۆژانەی و منااکانی بە جۆرێک پێ بگەینن کە وەک خەی لە ژێر چێتری دینا لە بەرژەوەندی گشتی و داهاتووی ووڵاتەکەی دوور کەونەوە و توخبی سیاسەت نەکەوون و قەناعەتیان وابە ئەو سیستەمە دیکتاتۆرییە قەدەری خوایە و هیچی لەگەڵ ناکرێ و کەی خوا ویستی ئەیگەڕێ !! واتا قووتی ڕۆژانە دەروازیەکە بە بەستنەوەی منااکانی بە پرینسیپەکانی خەی کە لە دین و جێ بەجێ کردنی ئەرکەکانی کەئەبەتەوە .. هاووڵاتی نەجوڵاو پاساوی هەموو نەهامەتیەکانی بەرهەمی سیستەمی دیکتاتۆری حیزبی لەویا کەئەکاتەوە کە هیچ شتێ بە ڕۆژامەنی خوا نیە و ناکرێ بە جەری حوکمانیشەوە...

() کاتێ هاووڵاتی جگیر/ ناجۆاو ئەو هەموو ناعەدالەتی و ووون بوونی یاسا و گەندەڵیە ئەبینێ و نە ئەوڕێ و نە حەزیش ئەکا خۆی تێ هەڵقورتێنێ ، خوو ئەیاتە فوتبۆڵ، یارییەکی یانەکەی لە کیس ناچێ ، باکگراوندەکی وەرزشیانەی نیە و دینەکەشی لە هیچ قوژبنێکەوە باسی وەرزشی تیا نیە ، تەنها ئەوێیە لە دوو گۆڵیا بە نموونە یاسای خۆی هەیە و یاریکەر و ڕاهێنەر و هەڤ جار هاندەرکانیش یەکسانن بەرامبەری ، ئەم کە ئەو هەموو ناعەدالەتیە لە دەرەوەی ماڵەکەی خۆی ئەبینێ و قسەی لەسەر ناکا ، تەسکینی بەوە یەت کە لە یارییەکا گەر کەس خوار جۆایەوە و کاری کردە سەر مەجرای گشتی یارییەکە ئەوە بە "کارتی زەرد یان سوور" یاسای یارییەکە جێ بە جێ ئەکرێ ، هیچ یاریکەرێکیش لەسەرووی یاسا و ڕێنماییەکانەوە نیە ، بەڵام لەدەرەوەی ماڵەکەی خۆی ئەو هەموو گەندەڵی و " فاوڵ"ە ئەکرێ کە ئەوڕێ باسی
کارت بکا ، دەنگێ بەرپرسی حیزبی هەبێ نەک کارتی سوور بدەکو ئەبێ "کارت سووری جگەر"ی وەربگرێ ، لە لایەن حیزبەوە پاداشت ئەکرێ و بە زەر پەنالتیەکی بە دروست ئەکەن تا گۆڵێک بکا و خەڵکی وەک هاووڵاتی/نەجۆاو چەپڵەی بۆ لێ با، بە مانایەی یەکسانی هەمووان بەرامبەر بە یاسا لە فوتبۆڵا ئەبێنێ و تەسکینی بەخۆی ئەیا کە ئەڵێ : فاوڵ ئەکەی! دەبخە ئەوە کارتی سوور. ئافەرم حەکەم … بەڵام بە ئەو سیستەمە دیکتاتۆرە حیزبییەوە بە دەنگێ گەر چی ئەزانێ حەکەمەکە لەپش هەموو کەسەوە ئەبێ کارت وەر بگرێ.....

ئەم جۆرە خۆ خستنە بەری نەجۆان و بە دەنگییەوە کێلایەتییەکە بە خۆی ، بەڵام کێلایەتیەکی هەڵبژێراو...
"""""""

(پۆل ئیلوار).. یەکێک لە شاعیرە پێشەنگەکانی سوریالیزم.. لە ئینگلیزیەوە: ناهێ حەسەن

_ چەپکێک لە شیعرەکانی (پول ئیلوار)

(من نەمدەتوانی بیزانم)

من نەمدەتوانی بیزانم
باشتر لەوەی تۆ من بناسیت
چاوەکانت لە خەودان
ئەمە پێکەوە بێ درەوشانەوەی
چارەنووسێکی باشترمان لە شەوەکانمان دروست کرد
چاوەکانت لە کام سەفەری من
بە درێژایی ڕۆگاکان ،
هێماکانی
مانایەک بە نامۆیی زەوی دەبەخشێ
لەنێو چاوەکانی تۆدا
کە کۆتایی ئەم تەنیاییەمان
بێ ئاشکرا دەکات
کە خۆشیان
ئیتر نازانن چارەنووسیان بە کوێ دەگات
تۆش نەتدەتوانی بیزانی
باشتر لەوەی من تۆ بناسم … !

(کچی عەشق)

ئەو لەسەر پێووی چاوەکانم وەستاوە
پرچی لەنێو پرچی منداید
هەنگی چاوەکانی منی گرتووە
شەوەی دەستکانم …
ئەو لەنێو سێبەری من قووت دەدرێت
وەکو بەردێک بەووی ئاسماندا

ئەو هەرگیز چاوەکانی داناخات
یان هەرگیز لێناگەڕێت من بخەووم
یان خەونەکانی ئەو لەڕێژەکی پرشنگی دا
وادەکا خۆرەتاو ون ببێ
منیش پێدەکەنم و دەگریم
یان پێدەکەنم و قسەدەکەم
ئەو کاتانەی هیچ شتێکم پێ نییە بۆ گوتن !

(زەنگی ئێواران)

دەمانتوانی چیتر بکەین ، بۆ دەرگاکان ئێشکگری کرابان
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بۆ زیندانی بوونمان
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بۆ ئەو شەقامانەی لە ئێمە قەدەغە کرابوون
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بۆ ئەو شارەی کە خەوتبوو
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بۆ ئەو ژنەی برسی و تینوو کرابوو
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بۆخۆمان کەبۆ بەرگری بووین
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بۆ ئەو شەوەی کە بۆبایەخ کرابوو
دەمانتوانی چیتر بکەین ، بۆ خۆمان کە یەکتریمان خۆش دەویست … ؟

(لە پەنجەرەوە)

هەمیشە من ئەو دۆنیاییەم نەبووە ، ئەو ۆەشبینیەی کە باشترین دۆنەوایە لە نێوان ئێمەدا . لەوێدا کاتی ئەوەبوو کە براەرەکانم بە من پێبکەنن . من زرینگ نەبووم بۆ وشەکانم ، دۆنیاییەکی جیاواز ، من هەمیشە نازانم کە دەمەوێت بڵێم چی ؟ بەڵام زۆرجاران کە هیچم نەبووە تا بیڵێم . گرینگی قسەکردن یان مەیلی ئەوەی کە زۆر بە زەحمەت نەبیت . ژیانی من تەنها بە داوە دەزوویەک هەڵواسراوە . لەوێدا کاتی ئەوەبوو ، ئەوکاتەی وا دیاربوو من لەهیچ تێنەگەیشتبووم . زنجیرەکانی من سەر ئاو کەوتبوون . هەموو حەزەکانم لەنێو خەونەکانم لەدایک دەبن . من بە وشەکانم عەشقی خۆم دەسەلمێنم . بۆ چ مەخلوقەهایەکی نایاب من متمانەم بەخۆم کرد . لە چی دۆتەنگیەکی ئازاربەخش و دنیایەکی ۆەنگین دا خەیاڵەکانم بازنەیان بە چواردەورم کێشابوو . من دۆنیا بووم کە عاشق بووم لە زۆربەی بواڕە ترسناکەکانی خۆم . زمانی عەشقی من سەر بە زمانی مرۆڤ نییە ، جەستەی مرۆیی من دەست لە گۆشتی عەشقم نادات . خەیاڵە ئیرۆسیەکانیشم هەمیشە و بە بەردەوامی لە ئاستێکی بەرزی گونجاو دا بوون ، کە ئەوەش هەوڵدانێکی ئەوتۆ نییە بۆ ۆازیکردنم لەسەر چەوتی

… !

(ونبوون)

من قسەت بۆ دەکەم بەدەم بۆینی شارەکانەوە
من قسەت بۆ دەکەم بەدەم بۆینی دەشتەکانەوە
دەمم لەسەر سەرینی تۆ دایە
دەنگم دەتدۆزێتەوە
من قسەت بۆ دەکەم لە ئەبەدیەت دا
ئای شارەکان یادەوەریەکانی شاران
شارەکان بە ئارەزووەکانی ئێمە پێچراون
هەندێک لە شارەکان زوو هاتوون هەندێکیان تازێک لەمەو پێش
هەندێک لە شارەکان بەهۆزن هەندێکیان پەنهان
بەتاڵان چوون بۆ مرۆڤ بەڵزەکانیان
بۆ هەموو بیرماندەکانیان و بۆ هەموو دڵو و خوێەکانیان !
کێگەکان شۆوازێکن لە ئەماس
ژیانێکی هەونەقانە دەژیەن
وەرزی دروێنەی ئاسمان لەودڵو زەوییەکانی ئێمەوەیە
دەنگم تێرکەن منیش دەگرییم و شیوەن دەکەم
من لەنۆو گڵ و بڵسەدا خەون دەبینم و پێدەکەنم
لەنۆو هێشوەکانی خۆرەتاو
یان جەستەی تۆ بڵاوبۆتەوە بەنۆو جەستەی مندا
وەک چەرچەفی سەر ئاوێنە ووونەکان .

ڕاستیەکی ڕووت (من باش دەیزانم)

نائومێدی هیچ باڵێکی نییە
عەشقی نییە
ڕوخساری نییە
قسەش ناکات
من نایجوڵێنم
من نایگرمە باوەش
من قسەی بۆ ناکەم
بەڵام بەئەندازەی ڕاستی
عەشقم پێە لە نائومێدی … !

_ کورتەیەک لێ ژیان و بەرهەمەکانی (پۆل ئیلوار)

پۆل ئیلوار لە ١٤ ی دیسەمبەری ١٨٩٥ ، لە " سەینت دلێنیس " سەر بە

شاری پاریس لە دایکبووە ، خەزانەکەیان سەر بە چینێکی مامناوەندی بوو ، باوکی فەرمانبەر و دایکیشی ژنی ماڵەوە بووە و لەماڵەوە ئیشی بەرگدرووی کردووە . پۆل ئیلوار لە سەردەمی ناوەتیدا قوتابیەکی زیرەک و چالاک بووە لەبەر نەخۆشی و باری تەندروستی جارجارە لە خوێندن دابڕاوە ، لە تەمەنی شازدە ساڵی بە هۆی نەخۆشی (سیل) ەوە دەنێردرێت بۆ " سویس سەنەتۆریەم " . لەو تەمەنەیدا بۆئەندازە هەگر و حەزی لە شیعر دەبێت . ساڵ و نیوێک لەو شوێنەدا دەمێنێتەوە ، کاتێک دەگەڕێتەوە بۆ پاریس یەکسەر دەچێتە ڕیزی سوپا بۆ خزمەتکردنی سەربازی . پاش ماوەیەک بریندار دەبێت بەهۆی تەقینەوەی غازی تۆکسیک . دوای تەواوبوونی ئەزموونی شەڕ ، لەساڵی ١٩١٧ ماوەی خزمەتکردنی سەربازی تەواو دەبێت و ئازاد دەبێت ، هەر لەم ساڵەدا یەکەم کۆمەڵە شیعری خۆی بە ناوی (Le Devior et) بڵاو دەکاتەوە . ئیلوار خۆی وای هەست دەکرد لە " وات وێتمان " ی شاعیری ناوداری ئەمریکی زۆر نزیکە ، وات وێتمان نووسەری دیوانە شیعری (گەڵاکانی گیا) ئیلوار ئەم دیوانە شیعرەی زۆر دەخوێندەوە . هەروەها بەشداری لە بزووتنەوەی دادایەکانیش کردووە ، لەگەڵ " تریستان تزارا و ئەندری بریتۆن و لویس ئەراگۆن و فلیپ سۆپات و زۆرێک لەو نووسەر گەنجانە یەکتریان دەدیت و لەگەڵ یەکتریدا کۆدەبوونەوە . پاشان لەگەڵ چەند نووسەر و هونەرمەند و ڕەشنبیرێکی تر وەکو سوریالیستەکان خۆیان ڕادەگەیەنن . پۆل ئیلوار یەکێک لەو کەسانە دەبێت کە مانیفێستی سوریالیزم ئیمزا دەکات . ئیلوار لەساڵی ١٩١٢ ژنی هێناوە و کچێکی لەو ژنەی هەیە بە ناوی " سیسەیل " ، بەڵام لەگەڵ ئەو ژنەی بەیەکەوە زۆر بەختەوەر نابن بۆیە لە ئاکامدا لەیەکتری جیا دەبنەوە . ئیلوار لە ساڵی ١٩٢٤ بۆ ماوەیەک ون دەبێت ، دەنگ و باس وا بڵاو دەبێتەوە گوایە مردووە بەڵام ، دوای حەوت مانگ دەگەڕێتەوە پاریس ، وا ڕادەگەیەنێت کەوا لە سەفەرێکی دوور و درێژ دا بووە ، لە مارسلیس ەوە بۆ تاهیتی ، ئەندەنووسیا ، سیلان ، ئوسترالیا ، چەند شوێنێکی تر . پاش دەرکەوتنەوەی لە چوارچێوەی سوریالیزم درێژە بە هەوڵەکانی دەداتەوە . هەر لەو ماوەیەدا بۆی دەردەکەوێت کە گاڵەی خەزانی پێشووی لەگەڵ (سلفادر دالی) پەیوەندی هەیە ! ئیلوار لەساڵی ١٩٢٦ بەهۆی چاپکردنی دیوانە شیعری (Capital de la Doluer) ناودەنگێکی شیعری باش پەیدا دەکات . لە دەوروبەری ساڵی ١٩٣١ لەگەڵ (Nusch) ەی هونەرمەندی شۆکاری سوریالیست یەکتریان خۆشدەوێت ، کە یەکێکە لەو خوێنەرانەی ئیلهام لە شیعرەکانی وەردەگرێت ! هەر لەوکاتانە زەماوەند دەکەن و دەبن بە هاوسەری یەکتری و لەگەڵ یەکدا زۆر بەختەوەر دەبن ، بۆیە هەتا دواچرکەکانی

تەمەنی بیرکاری دژین ، واتە تا ساڵی ١٩٤٦ چونکە لەوساڵەدا ژنەکەی دەمرێت . ئیلوار لەساڵی ١٩٣٩ جارێکی تر بۆ خزمەتکردنی سەربازی بانگ دەکرێتەوە ، لەسەردەمانی دەست پێشتوویی ئەمانیا بەسەر فەڕەنسا ئەو ڕیزەکانی سوپای جێهێشتووە و بەنهێنی خەریکی کاری ئەدەبی و خەریکی ئیشکردنە بە دژی شەڕ و دوژمنکاریەکانی ئەمانیا ، لە ساڵی ١٩٤٢ دەچێتە ڕیزی پارتی کۆمۆنیستی فەڕەنسی . بەشێوەی نهێنی چالاکی و کارە سیاسیەکانی ئەنجام دەدات . لەو سەردەمانە ئیلوار سەفەر بۆ زۆرێک لە وڵاتانی دونیا دەکات لەوانە (بەریتانیا ، بیلگیەم ، چیکیسلۆفاکیا ، مەکسیک ، ڕوسیا …) بەڵام لە وڵاتیەکگرتووەکانی ئەمریکا ڕێگەی پێنادەن و ڤیزەکەی ڕەتدەکەنەوە بە پاساوی کۆمۆنیست بوونی ! لە نۆڤەمبەری ١٩٤٦ لەومانگەی" نووچە"ی خۆزانی دەمرێت دیوانە شیعرێک بەناوی (Le Dur Desir de durer) بەچاپ دەگەیەنێت ، کە لە پێنج قەسیدە پێکهاتووە . پێل ئیلوار وا بیری دەکردەوە و پێیوابوو ، پەیامی شیعر ئەوەیە(دەبێ داهێنان لە زمان بکات و زمان نوێ بکاتەوە) ، بۆ مەبەستی بەدیهێنانی ئاڕوگۆی ڕادیکاڵانە لە ژیان و ڕووبەری بووندا ! وە پێی وابوو شیعر هەکارێکە دەتوانێت خوێنەران هۆشیار بکاتەوە و گەشەیان پێ بدات ! لەم ڕاستایەدا لەپاڵ داهێنانە ئەدەبیەکان و بەرزڕاگرتنی ناسنامە سیاسیەکەی ، هەوڵیدەدا بۆ گۆڕانی کۆمەڵایەتی و بە دەستهێنانی ئازادییەکانی تاک هاوکات ئازادی سێکسیش . ئیلوار لە ماوەی هەموو ژیانیدا زیاتر لە حەفتا کتێبی جۆراوجۆری دەربارەی شیعر و بابەتی ئەدەبی و گۆشەنیگای سیاسیەوە بڵاوکردۆتەوە . وە لە ساڵی ١٩٥٢ لە تەمەنی پێنجا و شەش ساڵیدا دەمرێت ، ئەوکاتە لەگەڵ ژنی سێیەمی دا بووە .

_ سەرچاوە : ئەنتەرنێت

- Poets.org- poetry,poems- Bios&more
- Pual Eluard- poems.Biography,Quotes

ڕەمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە) و چەند سەرنجێک.. عەلی حەمە ڕەشید

کاتێک پەناسەی ئەدەبی منداڵان دەکەین، لەگەڵ ژانری چیرۆک و شیعر و شانۆ و ئەپەڕتدا، ژانرێکی گرنگی تریش هەیە کە ناوی دەبەین لەگەڵ ژانرەکانی دیکەدا، ئەوانە هەن و هەریەکەیان پانتاییەکیان داگیرکردووە، بەڵام دەتوانین بڵێین ڕەمان وەک ئەوەی کە مەرجەکانی ڕەمانی لەخۆ گرتبێت، وەکو پێویست نیمانە. با ئەوەشمان لەبیرنەچێت کە ڕەمانی (گەورگ و بزن) و(بەرە)ی عەزیزی مەلای ڕەش کە یەکەم کەسە ئاوەی لەو ژانرە داوەتەوە، بەڵام کە دەیخوەنیتەوە بابی فەلکلۆر تێیدا زاڵترە وەک لە خەیاڵ، کە ئەو کار و دەستپێشخەرییە جگەی دەستخۆشییە.
هەروەها خاتوو پەیام ئیبراهیم-یش لەگەڵ بەاوبوونەوەی ڕەمانی (کچی دورگە بچکۆلەکە)دا ئەویش ڕەمانکی بەاوکردەوە بەناوی (نازیلەی مانگ و شازادەی خۆر). من نازانم ئەگەر بەجگە لەوانە شتی تر نووسرابێت، چونکە ئەمەی نووسەر کە بەرهەمەکمان چاپ دەکەین، بە تیراژێکی کەم چاپی دەکەین، چونکە تێچووەکەی لەسەر گیرفانی خەمانە، بۆیە وەکو پێویست بە هەموو لایەک ناگات و زەر جار وەکو پێویست بە دەستی هەموو ئەوانە ناگەن کە کار لە بواری منداڵاندا دەکەن بەتایبەتی و نووسەرانی دیکە بە گشتی.
هەروەها چۆن بەرهەمەکانی ئەمە ناگاتە دەست هەموان، بەهەمان شێوە بابەتی ئەوانەش کە بە منداڵان دەنووسن ناگات بە ئەمە.
ئەوەی من مەبەستمە بیەم ئەم کارەی کاک ئەمین محەمەد کە جیاوازە و پێویستی بە ئاوەڵدانوەیە و قسەی زۆریشی دەوێت دەربارەی بکرێت.
کاک ئەمین پێشتر شیعری بە گەورە دەنووسی و لە کتێبکدا بەناوی (هەڵوەست) چاپی کردووە و زیاتر لای هاوڕێکانی بە شاعیرێکی بەرگری و نیشتمانیی و ئەوین و خۆشەویستی ناسرابوو، کاتێک دەستی کرد بە بەاوکردنەوەی شیعری منداڵان، لای هەندێکیان سەیر بوو کە ئەمین بەو شێوەیە بە منداڵان دەنووسێت.
ئیتر ئەو شیعرانەی کە دەینووسی وردە وردە لە گۆڤاری پێپوولە و جگەرگۆشکان و گوڵکان و خەندەدا بەاوی دەکردنەوە، دواتر لە نامیلکەیەکدا بەناوی (ماڵی باران) چاپی کرد و بەاوی کردەوە.

بیرەو چەند دڵۆپێکم وەک پێشکێشکی کورت بۆ نووسی کە بەداخەوە تائێستا چەند بۆنزێک دڕبارەی (ماڵی باران) نووسیویانە، بەدڵنیایش باسیان نەکردووە، چونکە من لەوەدا نووسیومە کاک ئامین هەوڵی داوە بە دووبارەبوونەوە و سواوی، شیعر بۆ منداڵان بنووسێت و بۆ جیاوازتر لەوانەی بۆ منداڵان دەنووسن. دوای ئەوە بۆشوێنکی ورد و جیاواز شیعر و دواتر بۆ چیرۆک و وێرگۆڵان و ڕەخنە و لێکۆڵینەوە وەک دەنگێکی تایبەت لە بواردا کاک ئامین بوونی خۆی زیاتر سەلماند و لەهەمان کاتیشدا هاوکار و یارمەتیدەری زۆر لەو کەسانەش بوو کە بۆ منداڵانیان دەنووسی.
ڕەمانی(کچی دورگە بچکۆلەکە) کە دوا بەرهەمی کاک ئامین محەمەدە و وەک یەکەم ئەزموونی خۆی لەو بوارەدا توانی جارێکی تر لە کارێکی ئەدەبی نوێدا دەربکەوێت و بۆ بۆچوونێکی وەک کورد دەتوانین ڕەمانی تایبەت بۆ منداڵان بنووسین.
لە ڕاستیدا دەستبردن بۆ ژانری ڕەمان و بۆ منداڵانیش خۆی لە خۆیدا کارێکی تابۆیی قورسە و لەگەڵ شارەزایی تەواو لە ئەدەبی منداڵاندا بوێریشی دەوێت. من دوای خوێندنەوەی ئەم ڕەمانە کە بۆ کارێکی باش و نوێی دەزانم و هیوای بەردەوامیی بۆ دەخوازم، خوازیارم نووسەرانی دیکەش لایەک لەم ژانرە گرنگە بکەنەوە کە ئامین لە (کچی دورگە بچکۆلەکە) دا کردوێتی. دەتوانم بڵێم کە (کچی دورگە بچکۆلەکە) لە ڕووی داشتن و نووسینەوە، کارێکی نوێیە و توانیوێتی لە سنووری کوردستان دەربچێت و لە چوارچێوەیەکی جیهانیدا خۆی نمایش بکات هەروەها:
*کارەکە کە خەیاڵ و فەنتازیا سەرتاپای داپۆشیوە و جوانیی زیاتری پێداوە.
*دەستپێکێکی تا بڵێی جوانە و دەکرێت ببێتە ڕێنیشاندەر بۆ ئەو کەسانەی کە دەیانەوێت ڕەمان بۆ منداڵان بنووسن.
*کەمێک زانیاری و بۆچوونی گرنگی تێدایە کە بۆ ژیانی منداڵان زیاتر پێویستن.
*خەیاڵی منداڵ زیاتر فراوان دەکات و ئاسۆی بیرکردنەوەشیان بەهەمان شێوە.
*تەکنیکی چنینی ڕەمانەکە بە وشە و دڵی وێنە ئامێز وا لە خوێنەر دەکات کە پەرەشی خوێندنەوەی بێت.
*کارێکی باش و گرنگی تێدا کراوە لەسەر زمان.
*ئەگەر ئەم ڕەمانە بکرێت بە هەر زمانێکی تر، زۆر ئاسایی و دگونجێت، چونکە نووسەر لەکاتی نووسینیدا بەشێوەیەک نووسیوێتی کە ئەگەر بە هەر زمانێک وەرگێڕدرا، ئاسایی بێت، تەنانەت ئەگەر ئێستا بە کوردی ناوی ئامینی لەسەر نەبێت، خوێنەر وادەزانێت کە لە

زمانێکی تراوە کراوە بە کوردی کە ئەمش یەکێکە لە سەرکەوتنەکانی نووسەر.
*هەموو بەشکان بەشێوەیەک تێکهێکشن کە تەواوکەری یەکترن و کات و شوێن وەکو پێویست کاریان لەسەر کراوە.
*بەڵای من ئاگەر دەرهێنەر یان کەسانێکی شارەزا و بەتوانا کاری لەسەر بکێن بەشێوەی ئانیمەیشن، فیلمێکی تایبەت بە منداڵانی لێ دەردەچێت، کە سەرنجڕاکێش دەبێت و منداڵ بە پەرشێوە تەماشای دەکێن و لێگەڵ زانیاریێدا چێژیشی لێوەردەگرن.
*ئاگەر وشەی (مەر) لە مەرمنداڵ بکرێتەوە و تەنها بنووسرێت (ڕەمان بە منداڵان) گونجاوتر دەبێت، هەروەها وێنەکانیش هەر گونجاو دەبن، چونکە ئاگەر بە وردی سەرنج بدەین لە نووسینە وێنە ئامێزکانی، زیاتر بە تەمەنی خوار 14 ساڵی دەبێت.

حەسەن زیرەک و ژاڵە.. یان فاتیمە زەرگەری؟!.. مەولوود ئیبراهیم حەسەن

ماوەیەکی زەرە لە نێو تەکەمەڵایەتیەکانی کوردی فارسی و ترکی و ئازەری دا چیەکەک – کە بەڵای ئەمە هەبەستراوە ! – بە گرانیەکی بەناوبانگ و پێ لە داهێنانی – هونەرمەندان حەسەن زیرەک و خانم ژاڵە – دروستکراوەو باو بووەتەوە..

بە خوێندنەوەی ئەم بابەتە کلیکی ئێرە بکێن..

گفتوگۆکەی د. کاوە لە مەزگردکۆی(درەو).. سەلام عەبدوڵا

ئەم تێبینیانە لەگەل ڤیدیوکە باوەڕەکەمەوە و خۆتان گوێ لە بۆچوونەکانی د. کاوە بگرن لەگەڵ ڕێزم.

1- لە پێناسەکردنی دەسەڵات کورتی هێناوە: أ- بەڕاشکاوی ناڕوابەستەی ئیمپریالیزمە و خزمەت بە ئەجندای دەکات لەسەر حیسابی خەڵکی کوردستان. ب- تەنها لە ئاست گەشەسەندنەوە دواکەوتوو نیە، بەڵکو پاش ئەزموونی 30 ساڵ لە حوکمڕانی نموونەی ستەمکاری و ناپاکیە لە گەل و نیشتمان.

2- کە دەوڵەتە زلهێزەکان هاتوون و سنووریان داناوە و ئەم ستەمە لە خەڵکی کوردستان کراوە، ئەی گوتاری(ئەنتی ئەمپریالیزم)ی سەرجەم چەپەکانی دنیا کوا؟

3- یان ناوەندی فراوان بێ چەپ یان (لەگەڵ ڕێگای هەماهەنگی لەگەڵ لایەنەکانی تر کە (مەرکی دیموکراتی و گەشەپێدان)نیان هەیە. ئەو حزبانە چ ستەمکارییەکیتر بکەن بێ ئەوەی چیتر بیر لە هەماهەنگیان لەگەڵ نەکرێت؟

4- (ئەمە تیئۆرییە سیاسیەتیەکەمان هەبژردووە بە قوتابخانە جیاوازییەکانی) مانای چییە؟

5- بەدیل چییە؟ ئەمە ناوەڕۆکی هەموو مەسەلەکانە. بۆچی هێشتا نازانن هێزی بزوێنەر و مەبەست لە گۆڕانکاری کێیە؟ بۆچی هێشتا ڕوون نیە؟ کامە بەرنامە؟ ناوی نیە؟ ئەم شەڕۆان و ناڕوونیە چییە؟

6- باسکردن لە ڕەسەنایەتی بزووتنەوەی فێمنستی لە کوردستان نیوەی ڕاستییەکانە و نیوەکەی تری بریتیە لە کاریگەری ژنە شیوعییەکانە لە دنیا.

7- هەر(ناسەقامگیری ئاسایشی ناوخۆ، هێرش دژ بە ژنان و قورسی ژیان)؟. ئەی هێرش بۆ سەر مافی ئەو چینە کە حزبی شیوعی بۆی دڕووستبووە؟ بۆچی بەرژەوەندی چینی کرێکار و بێکاری و مەرجە شۆڕشگێڕانە کارکردن لە وتەکان ڕەنگ نادانەوە؟

8- حزبی شیوعی کەی دەست لە هەوڵی دیالۆکی نیشتمانی لەگەل ئەو حزبانە هەڵناگرێ؟

9- پاش ئەزموونی 30 ساڵ لەگەل ئەو حزبانە، هێشتا هەر یەکەم هەنگاوتان لەگەل ئەو حزبانەیە؟ مەعقولە؟

10- نە ئەزموونی کۆمۆنەی پاریس و یەکێتی سۆڤێت تاقی دەینەوە. ئەزموونی چینیش دووبارە ناکەنەوە. ئێمە باسی مەتریالیزمی دیالێکتیك دەکەین و ئەمەش موڵکی کەس نیە... ئەمە واتای چییە؟! واتە بۆ نموونە: ئەم حکومەتە سەرمایەداری وابەستەیە. کرێکاران و بێکار و هەژار و کارمەندەکانی کوردستان وەرن لەگەل حزبە دەسەتدارەکان دیالێکی نیشتمانی بکەین! ئەمە مێتۆدی مەتریالیزمی دیالێکتیکی و مێژوییە؟

11- ئەستفادە لە هەموو فکرێك ئەکەین. فکرێکی مرۆڤایەتی، فکرێکی تێکۆشەرانە. یەعنی چۆن؟

12- (لە چوارچێوەی ئەرکەکانی خۆتدا). ئەرکەکانی حزبی شیوعی و چەپ لەم رۆژە چییە؟

13- لە خوێندن و بەدواچوون بۆ هەوێستی حزبە شیوعییەکانی دنیا(ئەمانیا یان یونان و وڵاتانیتر...) هەمان گوتاری چینایەتی و ئەنتی ئیمپریالیستیان هەیە.

14- بەدیلی کۆمونیستی و سوسیالیستی، گۆڕانکاری بەسەر نەهاتووە.

15- کەس لەدەرەوە نەهاتووە بۆ تەلقینی ژنانی کوردستان، بەڵام کاریگەری دیدی ژنانی سۆسیالیست و رەوتەکانیتریش کاریگەریان هەبووە.

16- کەوابێ، بۆچی ژن لەناو حزبی شیوعی رۆڵی کاریگەری نیە؟ ئەو هەموو پیاوە بەڕێزانە چییە؟

17- ئەمە چۆن بەرهەستکارییەکی چەپە هەر هەوڵ بۆ یەکێیزی و هەماهەنگی لەگەل راستەو کۆنەپارێز و سەرمایەدار و کرێگرتەکان دەدا و پێشتریش بەشداریشی کردووە لە حکومەتە ستەمکاریەکان و سەپاندنی لیبێالیزمی نوێ؟!

18- خانمێك پێی وایە(چینی کرێکار و سەرمایەدار)ی ئێمە نیە! چۆن نیە؟ ئەی کرێکارانی کەرتی نەوت و گاز و بیناسازی و تواندنی ئاسن

و کشتوکاڵ و دەرمان….هتد چیین؟

19- برادەرێك ئەڵێ: 1-(فکری چەپ لە دەرەوە بۆمان هاتووە). بەداخەوە لەبیری چووە کە بیر و فکری عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە هەموو کۆمەڵگەکان هەیە و لەوانە لە کوردستانیش بە نموونەی کاری هەرەوەزی لە ئاواییەکان وەك لە واتەکانی تر. 2- بەپێچەوانەوە. راگەیاندنی چەپ بەشێوەی جێرادێر هەیە.

20- عەدالەتی کۆمەیەتی لای حەقە و باڵی(حەمەسوور) لە ئاست عەمەلی لە چیدا بەرجەستە بوو؟

21- عەدالەتی کۆمەڵایەتی پێشی(بزووتنەوەی حەقە) وباڵی (حەمەسووری) و(ئبیراهیم خانی دەڵێ) لە کورستان وەك هەموو گەلان بە دید و کارو چالاکی هەرەوەزی هەبووە. بێ نموونە مارکس لە باسی کۆمۆنیالیزمی ئەفریقا دەڵێ کۆمۆنیالیستەکان بە شێوەیەکی دێندانە کۆمەڵە هەرەوەزییەکانیان لەناوبرد. خەبانی چینایەتی و عەدالەتی کۆمەڵایەتی لە مێژووی مرۆڤایەتی بوونی هەبوو و هەیە. لە مانیفێستی کۆمۆنیستی باسی سۆسیالیزمی دەرەبەگایەتی و خەیاڵی و بڕژوایش کردووە. مارکسیزم هێشتا لووتکەی هوشیاری چینایەتی مرۆڤایەتییە.

22- وەامەکەی بێ پرسی چینایەتی لە کوردستان دروست نیە، چونکە دەمێکە چینی کرێکار وخەبات و داخوازی و گیانبەختکەرانی هەیە(کرێکارانی گاورباغی، نەفتخانە و پاڵاوگەی ئەوەن، جووتیارانی هێرین و شێخان(لینین جووتیارە هەژارەکانی ڕژهەات بە کرێکار دەزانێ)و ئێستا سوپایەکمان هەیە لە کرێکارانی نەوت و گاز و هەزاران کارگەێ.

23- 1-پێشی 2016 بەرنامەی فرێشتنی کەرتە گشتیەکان دەستپێکردووە: دەرهێنان و گواستنەوەی نەوت، پێست، پارە، بازرگانی، خانوبەرە، کارەبا، ئاو…هتد. 2- بە ئەهلیکردن بەسەرپەرەشتی صندوقی دراو لە بڕیاری ئەنجومەنی ئاسایش 1483لە 2005 هاتووە.

24- (خانمێك دەڵێ: تاك بە هێی کاڵا نامێ نابین، بەکو بە هێی خێ و نەریت و ئاین توشی نامبوون دەبیت). ئەی بە هێی کاڵا و کار و بکاری هەست بە چی دەکات؟!

25- لەسەر هەڵویستی ژنانی سۆسیالیست و مارکسی لەبارەی پرۆژەی لیبڕالی (جەندەر)کە پێژەی حکومەتە و ئیمزای مەسعود بارزانی و

پەرلەمان و ئەنجوومەنی وەزیران لە 2010بازدەدا. دەبوو بەڕاشگاوی هەڵویستی مارکسی لەبارەی جەندەر و کێنەپارێزان دەببڕێ. هۆزی ئێمە لێرەیە. ژنانی دەوروبەری هاوپەیمانی و ئەنجومەنی خانمان و ڕێکخراوە ئیسلامییەکانی ژنان دووڕوون و بەشدارن لە ستەمەکان دژ بە ژنان بەو مانایە کە پشتیوانی لە حزبە پیاوسالار و ستەمکارەکان دەکەن.

26- ترامپ نوێنەرایەتی لیبڕالیزمی نوێیە(بۆ ناو ئەمریکا)و جیهانگیر، نەك تەنها بۆ ناو ئەمریکا

27- هەزار خۆزگا بەو شێوە نەهاتبانە جواب. ئەوە ئەرکی چەپ نیە پشتیوانی لە پڕۆژەیەکی نەتەوە یەکگرتووەکان و حکومەتەکانی یەکێتی ئەروپا و کەمپانییەکانیان. ئەرکی ئێمە ئەوەیە کار بۆ بەرەودان بە کلتوور و خەبات و دیدی ژنانی سۆسیالیست بدەین.

لەدواییدا هیوادارم ئەم پرسیارە لە خۆمان بکەین: چەپەکانی ئەمریکای لاتین چۆن توانیان کیشوەرەکەیان بکەن بە کیشوەری سوور؟

کاری پەرلەمانێ کاتێک قێرانێک دێتێ ئاراوێ کێبوونەوەی بۆ پڕۆلێ ئێنجام بدات.. جبار عبدالله مهاجر

دێیان و سەدان قێیران بەرکی ئەو وەاتەی گرتووە کەس خەی ناکاتێ ساحێب و هەریەکەو بۆ کەمەک ئمتیازاتی حزبی پاکەوتون و وەزعی لەو پڕۆی باشیێ هیچ کەم و کوێیکی نیێ، بگرێ لێ ڤەلاو ئێتەمبەلی ئاخیر مەدە و بەنزینی بۆ وەسێ و موچێیکی خیاڵی، ئەویان بیرنایەت کاتێک پاڕاوراو بوون کەیان دەرگا بەدەرگا گەان و سوانیان دەکرد بۆ بەدەستهێنانی دەنگ بۆ ئەوەی سەربکەون و خزمەتی ئەو ملەتێ بکەن، بەڵام بەپێچەوانەوە هیچ ئاگایان لە وەزعی هاوەاتیان نیێ و تەنها کار کێ کردوویانە بۆکارهێنانی زمانی

تەشهیر و خۆ فڕێدان، بەگشتی پەرلەمان شوێنی کێبڕکێی چارەسەرێکانە ئەو چارەسەریانەی کە بوونەتە گرفت لەبەردەم هاوڵاتیان و هاونشتیمانیان، ئەژانە لەسەر شەقام چەندان پرسیار دێکرێن لە دەسهەڵاتداران و کاربەدەستان، هەموو ئەو پرسیارانەی وان و لەجێگای خۆیاندان، دەپرسن ئێگەر بڕزبوونەوەی دۆلار سیاسی نیە بۆچی بە تەوقەیەکی نەوان دوو بڕێوبەری بانکی عیراقی و ئەمریکی دۆلار دەهەزار بە پانزە هەزار دابەزی، لەلایەکی تر هاوڵاتیان دەپرسن و دەڵێن" ئێگەر کاربەدەستان توانای بڕزکردنەوەی بهای دیناری عیراقیان نیە خۆ دەتوانن سنورێک بە بازرگانان و دوکانداران دابنێن کە بونەتە هۆی شێواندنی بازار و ترس دەخەنە نێو هاوڵاتیان بەوەی کە لەداهاتوودا ئەو بڕهەمانەی دەفرۆشرێن لەبازار دووبڕامبەر بڕزدبنەوە، ئەوەی سەیر و سەمڕەیە بەشێکی کەل و پەلی بازار بڕهەمی خۆمالیە هیچ پەیوەندیەکی نیە بەدۆلەوە، بگرە ئەو بڕهەمانە گرانتر بوونە بەبڕاورد بەو بڕبومانەی کە لەدۆلەوە هاوردە دەکرێن، پەڵەمانتاران تاکەی لەماڵەوە سەیری ئەو قەیرانە یەک لەدوا یەکانە دەکەن کە ئەژانە هاوڵاتیان بەدەستیانەوە دەناڵێنن، پەویستە هەرچی زووە پەرلەمان کەبەتەوە هندە بیاری گرنگ و چارەنوسازدەربکات لەبڕژەوەندی هاوڵاتیان بێت نەک بڕژەوەندی حزبی، لەو ساتە وەختە پەویستە لایەنەکان بچنە ژێرباری یەکتری و قبوڵی یەکتری بکەن لەسەر هندە لەو پرسانەی کە بونەتە بارگرانی بەسەر هاوڵاتیانەوە، ئەو پرسە تەنها بوسەر دەوڵەتی عیراق خەترناک نیە بگرە هەرهمی کوردستانیش بەو بارەدا تێدەپەڕێت و نابێت دەستەوستان بن و هیچ کەبونەوەیەکی گرنگ ئەنجام نەدرێن، ئەمجارەیان شەقامی عیراقی جوڵە بکات یاخود زەنگی مەترسی لەبدات ئابووری عیراق بڕۆ و داوخانی کەتایی هنگاو دەگرێتبەر، لەبنەڕەتدا حزبە عیراقیەکان بوونە هۆکاری سەرهەڵدانی ئەم دەخە، قەیران و تەنگژە سیاسیەکان بە چارەسەر نەکراوی مانەوە درێژەیان کێشا و تا ئەمڕۆیان بڕهەم هێنا، ئێگەر بیر لەوە بکەنەوە کە وڵات لە چ لەوارێکی داوخان دایە ئەوە بەبێ یەک و دوو هەوڵی چارەسەیان دەدا و دەبوونە ئێگەر لەبڕدەم قەیرانەکان، هیچ هەوڵێکی جدی نەدراوە بە چارەسەر کردنی ئەو پرسە، مانەوەی ئەو دەخە بەو شێوازە بە ئێگەرێکی زۆرەوە قەیرانی بە حکومەتی ووو لە عیراق دەکات و ناچار دەبن ئەو حکومەتە هەبوشتەوە کە بزەرینەی شیعە و کورد و سونە پێکهێناوە.